کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 22-9-2007 3:43

**مامەنەوە.. کاکەشێرە.. دڵەگیان هەرگیز نابمە پارێزەری ئیبلیس!!.. نەسیم بی سیم**

مەحوی ووتەنی:

به حەق هەر حەق، بە ناهەق ناحەقم وتوە لە ڕۆژی بووم

وەکو مەنسور ئەگەر بشمکوژن ناکەم لە حەق لادەم

هۆمیرۆس ووتەنی (هاوشێوەکان دەبنە هاوڕێ) کاك نەوزادشێردڵی واعیزو ئامۆژگاریدەرو ووتە بێژی ڕۆبۆتەکانی حیزب لە وەڵامی نووسینێکی بەندەدا کە 2007/9/17لەم سایتەوە بەنێوی (لە زاگرۆسەوە.. ) بڵاوکراوەتەوە، قەزەتەیەکی پڕکردۆتەوە بەقسەی نەستەق و ئامۆژگاریمان دەداتی لە ئەمەریکای باکوورەوە!!!.. لە ڕوانگەی بڕوابوونم بە ئازادی نووسین و گوێگرتن لە ڕای بەرامبەر، فەرموو مامە نەوە (بی پلار) باگەشتێك بە نێو کەلامی مەعالیتان و وەلاتان بکەین، خوێنەر بکەینە حەکەم و بە لێن دەدەمی کە پابەندبم بە هەر ئەگەرێك کە بڕیاری لێبدەن....

سەرەتا میخائیل نەعیمە دەڵی (ئەو کەسەی مەعریفەی زۆر بی کەم دوو ە، زۆر بڵێش کەم مەعریفەیە) ڕێگەم بدە وەڵامەکەی تۆو نووسینەکەی بەندەش دووشتی زۆر لێك جیاوازو دوور لە یەکن بۆ؟ بەندە باس لە ئیتفاقیەی ستراتیژی ئەکەم لەسەر زاری ئەو دوو بەرپرسە نەهاتووم باسی کەسێتی و تەشهیرو شتی نابەجی بڵێم بەدۆکۆمێنت قسەم کردووە لە گیرفانی خۆمەوە نەمهێناوە، داوابکە لە زاگرۆس تەڤی سلێمانی با دیدارەکە لێبدەنەوە گەر بە سووسەش لام دابی مافی خۆتە داکۆکی لە هاوەڵان بکەیت، دووبارەی دەکەمەوە گەر ئەو دوانەش نەبی عەمرو زەید بی هەمان بۆچونم دەنووسی....

پاشان کاکە شێرە، لەسایەی دام و دەزگای ستراتیژیەتی قاپی ئەو دووحیزبە هێندە ئازادو دیموکراسن پیاو بە سانایی ناتوانی بڵی لەل و لەلی دەبڕن، هەر بۆیە ناوی نهێنیم بەکارهێناوە خۆ لە بیرتە و دەتەوی بەدەردی ڕەحمان غەریبی رۆژنامە نوسمان بەریت و وەك سەگ بمان تۆپێنن!! دەیان ودەیانی تر هەر بۆیە پێویستە ڕێز لە ناو بگرین گەرچی ڕاچەنین و چزوشمان چزی کردون.

لافونتین دەڵی (درۆزن و دەجال و ماستاو چی لەسەر حسابی ئەوانەی کە گوێیان لی دەگرن دەژین) دڵە گیان کەسێتی کاکە بەرزان ئەوە پەیوەندی بە خۆتەوە هەیە و حەز ئەکەی بیکەرە قەڵادۆشکان و بە هەمووشارا بیگەڕێنە ئەوەکەی کێشەی من وهەزارانی وەك من هەیە لەم فەوزایەدا کە جەنابت بە هاتنی مەسیح و هارون پێغەمبەر دەکروزێیتەوە ودەڵی هەرناڕازین ئاخر نەوەگیان لەم وولاتەدا ڕۆژانە درۆ باڵدەگری و زوڕنا ژەنی سەقەتیش دەبێتەفس فس پاڵەوان وخەڵك فێری ڕۆشنبیریدەکا.. باس لەوە دەکەی کە خۆم روشنبیر بکەم، جەنابتان فەخفەخە (گلۆبال، ئینقایەرنتمان، ئینقایەرتمان، کومفورتبل، کونسەرفاتیڤ، سیلفش، .... . ) کۆمەڵی ووشە ریزکردووەو وا حسابدەکەی بیلامانا ئێمە مانان نەخوێندەوارین!!شانازییە بۆمن کە دیوانی مەولەویم لە سالآنی هەشتاوە لەبەرە نالی هەمووشەوی قەسیدەیەکینەخوێنمەوە خۆم بەقەرزار باری دەزانم مەحوی نە چمە خەڵوەت و خانەقاو مەدرەسەکەی خۆم بە خەتاباردەزانم گۆران و دیوانەکەی پەی پی نەبەم خۆم بەبی گیان دەزانم بیکەس و بیستو حەوت ساڵەکەی هەراسانم نەکا مەجلیسی فاتیحەی حیزبی کوردی نازانم ئەحمەدی خانی و مەلای جەزیری موتاڵانەکەم و سەر نەوی نەکەم لەبۆگیانیان کوردایەتی راستەقینە فەتوایەکەبی مانا بی مانا، حاجی قادرو فەلسەفەکەی رام نەکێشی وەك نەعامەیەکی مردوووامە، گەر عەشقی وەلی دێوانەم نەزانیبی، کوردایەتی دیلان و کامەران و شێرکوم نەدەزانی، گەر دڵداری پارێزەرو ئەی رەقیبم هەرس نەکردبی دڵنیابە گۆڕی رووخاویم نەئەزانی، گەر ئەسیری و رشتەی مرواری عەلادین سوجادیم نەزانیبی هەرگیز بەلاغەی نووسینم راچەنینی نەدەبوو، گەر سەیدی هەورامیم خەتم نەکردبی فێری قورئانی پیرۆز نەئەبووم، گەر و گەروگەر.. تاغور ئەڵی (ئەو گۆشەیە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 3:43 22-9-2007

رووناك كەرەوە كە خۆتی لێیت) كاكەنەوە نوسیوتە (... بی ئەوەی كەسێكیش حیساب بۆ دیڕێكت بكا ت لەهەڵ ڕشتنیاندا ... ) ئەپرسم ئەی ئەو قەزەتە شەش لاپەرە فولسكابە كە وەڵامە ئا بە راست ئاموزگارییە بۆبەندە وەبانانەوەی چیە؟؟!! گەر خواكردی پێك شادبووین دەتبەم بۆ بینینی مەكتەبەكەم كە چەند متەوازیعەوتەنها ژوورێكی سی بەچوارنەبی كتێبی تیا نیە، چی بكەین خەڵكی خەریكی كاسپی كولێرەو ئیتفاقی ستراتیژی و پلە و پایەیە لەسەر حسابی ئێمەی ئامۆژگاری كراو تەهدیدمان دەكەی بە روشنفكری و بەرزی ئەندام كومیتەو ئەندام ناوچە و گوی گرتنی خەڵكی بۆیان (ئای كەوانیە نەوە دڵەكەم دەزانی ئێستا خەڵك نیو میل ئەولای حیزبایەتی سەقت دەروا گەر چی مرو خۆ بەخۆ بونەوەرێكی سیاسیشە) بەڵام مەخابن...

ئەوەی جەنابت وروژانوتە ئەپرسم كی بەرپرسە لەو هەموو دەردی سەری و نەهامەتیە قابیلو هابیل یا ئیتفاقی بەپەلەی هەردوو حیزبی حاكم؟؟ ئەوە تیرورێكی هێواشە بەڵام ئەوەی تۆ داكۆكیكردنێكی سەرپێیی و قسە ریزكردن نەبی هیچی تر نیە هەر بۆیە داوای هێنانەوەی تەرمی سەلاحەدینی ئەیوبی دەكەی گەر وا لە كوردایەتی گەیشتویت هەرئەوەت لی هەڵئەوەری كەنوسیوتە، ئا بەراست ریزم بۆ منالە خنجیلانەكان هەیە نوسینەكەی خوت و ئەوەی منیش پێیان نیشان بدە ئەوسا زمان و كەلامی تۆو بەندەش دەناسن تۆ لە كوی وبەندە لە كوی!! دلنیاش دەكەمەوە لە تاو بروانامە را ئەكەم چونكە حیزبەكەی تۆو كاك بەرزان و كاك سەلام حسابی حیمایەكی تەحسین شاوەیس و سالە مزەلیمان بۆ ناكەن، ئای كە شەرم و نەنگیە نەوە گیان، دڵنیام ئێستا توزێك لەو خنكانەی كە توشی هاتوین لە دەست سیاسەتی بە تەعریب و بەتەتریك و وەهمی مادەی 140و ناوچەكانی تریكوردستان ئاهێكمان پیا دێت و هاوار ئەكەین كی بەم دەردەی بردین؟؟!!بۆیە بمبەخشە و حورمەتم بۆ نوسینەكەت هەیە نەوەگیان هەرگیز ناتوانم ببمە پارێزەری ئیبلیس!!!1

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.